## بەرەی کوردستانی و قسەیەکی ڕاشکاوانە

کۆمەڵە لە مێژووی سیٚ دەیە لە خەباتی خۆیدا هێزێکی ڕاستگۆ و شەفاف بووە و هەموو مەسەلە گرینگ و هەستیارکانی لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا ڕاشکاوانە لە گەڵ کومەلانی خەڵك هیناوەتە گۆڕیٚ. پێکهێنانی بەرە یەکێك لەو خاڵە گرینگانەیە کە چەند ساڵێکە کۆمەڵە هەڵسووڕاوانە کاری بۆ دەکا. لەو ماوەیە و لە پێناو پێکهینانی بەرەدا ئێمە گەلێك کۆبوونەوەمان لە گەڵ حیزبی دیموکرات بووە .کۆمەڵە پێی باش بوو دوای دانیشتنەکان ڕوو لە جەماوەری خەڵك بکەین و بڵێین نەتیجەی کۆبوونەوەکانمان چی بووە. لەوانەیە ئەو پرسیارە بێتە پێش: ئەگەر وایە بۆ چی تا ئیستا کۆمەڵە لەو بارەیەوە ڕاگەیاندنی ڕەسمی نەداوە. هۆکاری ئەو خۆپاراستنە ئەوە بووە کە سەرکردایەتیی حیزبی دیموکرات لە کۆبوونەوەکاندا خوازیاری ئەوە بوو ئەنجام و ناوەرۆکی کۆبوونەوەکان تا گەیشتن بە ئاکامێك ڕانەگەیەنین. ئەم داوایە لەچەند کۆبوونەوەدا لە لایەن سەرکردایەتی ح د ك ئێرانەوە دووبارە کراوەیەوە .ئێمە لەبەربەرژەوەندی گشتی و بۆ ئەوەی کە بەڵکوو حیزبی دیموکراتیش بۆ ئەم ئەرکە گرینگە بێتە پێشیٚ تا بتوانین خزمەتێکی گەورەتر بە بەرەو پێشچوونی خەباتی ڕەوای ئەم سەردەمەی گەلی کورد بکەین، لەو ڕوانگەیەوە ئەوەمان قەبوولٚ کرد کە ناوەرۆکی کۆبوونەوەکان باس نەکەین، بەڵام هەر وەك دەبینین لە چەند وتووێژێکدا چەند کەسایەتی لە ڕێبەریی حیزبی دیموکرات ڕاستییەکان دەشێوینن، بۆیە بەپێویستمان زانی هەندیٚ ناڕاستی ڕاست کەینەوە و مەسەلەکان وەك خۆیان بگێڕینەوە کە لە کۆبوونەوەکاندا بوون.

پێکهێنانی بەرە لە چەندساڵی ڕابوردودا مەسەلەیەکی گرینگ بووە و خەڵك لە کوردستانی ڕۆژهەلات بۆ باشتر بەرەو پێشچوونی ئەو بزوتنەوە ڕەوایە و کۆکردنەوەی هێزی هەموولایەك لە بەرەیەکدا ئارەزوویان بووە هەرچی زوتر پێك بیٚ، کۆمەڵەش بە ئەرکی مێژوویی خۆی هەستا و هەوڵدان وکارکردنی بۆ پێکهێنانی بەرەی خستە دەستووری کاری خۆیەوە، لەم پێناوەدا هەر لە سەرەتاوە لە ناوخۆی تەشکیلاتدا کونفرانسی بۆ گرت و لە چەندین وتاردا لایەنە جۆراجۆرەکانی زەروورەتی پێکهێنانی بەرەی شیکردەوە و ئامادەیی خۆی وەك یەکێك لە هێزە سەرەکیەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات نیشان دا.

مەیدانێکی دیکە کە کۆمەڵە بۆ پیکهێنانی بەرە هەوڵی تێدادا، هێنانە گۆڕی ئەوباسە بوو لە گەڵ حیزبەکان و کردنی بە بەحسی دانیشتنەکان بە تایبەتی لە گەڵ حیزبی دیموکرات وحیزبەکانی دیکەش. سەرئەنجام ئەم هەولانەی کۆمەڵە گەیشتە ئەو ئاستە کە لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات پلاتفۆرم ئاڵوگۆڕ بکریٚ و لە دوای چەند دانیشتنی سەرکردایەتیی هەردوولا، بەو ئەنجامە گەیشتین کە

کۆمیسیۆنێك پێویسته پێك بێ تا بتوانێ گەڵاڵە پێشنیارکراوەکانی هەردوولا تاو وتوێ بکا و بە نەتیجەیەك بگەن وسەرئەنجام بیدەنەوە بە سەرکردایەتی خۆیان تا بڕیاری لە سەر بدەن.

هەر بەو مەبەسته چوار کەس لە هەردوولا وەك کۆمیسیۆن دیاری کران کە بریتی بوون لە: بەڕێزان حسێن مەدەنی و باباعەلی میهرپەروەر لە ح. د. ك. ئێران و ئەبووبەکری مودەرسی و ئەنوەری محەمەدی لەکۆمەڵە. ئەگەر باشم لەبیرمابێ کۆمیسیۆن سێ کوبوونەوەی گرت وبە بڕوای من کاری کۆمیسیۆنەکە بە باشی دەچووە پێشەوە و لەکارەکانیدا سەرکەوتووبوو. رەنگە کەم کەس بڕوا بکا کە ئەو کۆمیسیۆنە لە سێ کۆبوونەوەدا توانیبێتی لەسەر هەشتاوپێنج لەسەدی هەردوو گەڵاڵەکە ڕێکبکەون، بەڵام وەك چاوەڕوان دەکرا لە نیوەی کۆبوونەوەی سێهەمدا هەیئەتی ح. د. داوایان لە هەیئەتی کۆمەڵە کرد کار لەسەر گەڵاڵەکان راگرین، وەك خۆیان وتیان بچینە سەر ئەوە بزانین حیزبی دێمۆکرات لەو بەرەیەدا دەور و جێگای چییە. هەیئەتی کۆمەڵە بە ناسینی حیزبی دێمۆکرات چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد ئەوان مەسەلەیەکی وا مەترەح کەن. ئیمە زۆرمان هەوڵدا کە ئەو چەند خاڵەش کە ماوە تەواوی کەین و زمانی هاوبەشیان بۆ بدۆزینەوە و دواتر بچێنە سەر ئەوە بزانین میکانیزمی بەڕێوەبردنی بەرە چۆنە، ئەو کات لەسەر ئەو مەسەلەیەش دیالۆگ دەکەین ورێگایەکی گونجاو دەدۆزینەوە. بەڵام هەیئەتی ح. د. ك. بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو درێژە بە باس لە سەر باقی بەندەکانی گەڵاڵەکان بدەین و داخوازی جێگای حیزبی دیموکرات لە بەرەدا چییە،هێنایە دەستوری کۆبوونەکەوە .ئێمە پێمان وا بوو کاتی ئەوە نییە و بەحسێکی جیاوازە، دواتر لە گەڵ حیزبەکانی دیکە پلاتفۆرمە پێشنیارکراوەکان دێنینە گۆڕێ ولە سەر ئیدارە و چۆنیەتی بەڕێوە بردنی بەرە ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەین ومیکانیزمیکی شیاوو گونجاو دەدۆزینەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش دوای پێداگری زۆری ئەوان ڕێگەماندا بەحسەکە بکرێتەوە و داوامان لە هەیئەتی حیزبی دیموکرات کرد مەبەستەکەیان ڕۆشنتر بڵێن و پێشنیارەکانیشیان باس بکەن.

بە کوردی وکورتی وتیان ئەگەر بەرەیەك یا ئێئتلافێك پێك بێ حیزبی دیموکرات داوا دەکا ماف و بەشی لە حیزبەکانی تر زیاتر بێ و بە جۆرێکیتر داوای سەرۆکایەتی بەرەی دەکرد (واتە بێ هەڵبژاردن کۆمەڵە وحیزبەکانی دیکە وکەسایەتییەکان لە بەرەدا قەبوول کەن کە ح. د. گەورەی هەموو لایەکە). بۆ ئەم مەرجەیان هیچ دەلیلێکی مەنتیقییان نەبوو کە بۆ ئەوان لە بەرەدا لە سەروو خەڵکەوە قەرار دەگرن.

هەموو نموونە و ئیستیدلال و بەڵگەیەکی ئەوان بۆ ئەوەی حیزبی دیموکرات لە هەموو لایەك گەورەترە، ئەوە بوو کە ساڵی پەنجاوهەشتی هەتاوی (ساڵی ١٩٧٩ی زایینی) هەڵبژاردن کراوە و بە قەولی خۆیان ئەوان لە کۆمەڵە دەنگیان زیاتر هێناوەتەوە. ئێمە ئەو کاتیش بەمجۆرە وەڵاممان

دانەوەو و وتمان ئەوەڵەن لەو کاتەوە تائیستا زیاتر لە بیست وپێنج ساڵ گوزەراوە و هەروەها ئەو هەڵبژاردنە تەنیا لە بەشێك لە شارەکانی کوردستان بەڕێوە چوو نەك لە هەموو کوردستان، لەو ناوچانەش کە شوێنی نفووزی کۆمەڵە بوو، هەر لە دیواندەرەوە هەتا سنە و کامیاران، رژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردنی بەئەنقەست هەڵوەشاندەوە و کۆمەڵە ئەو کاتیش ئاکامی هەڵبژاردنەکەی قەبووڵ نەکرد. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە تەنانەت ئەگەر قەبووڵ کەین ئەو سەردەم ئێوە دەنگتان زیاتر هێناوەتەوە، لە سەدا چەندی ئەو خەڵکە لە ژیاندا ماون کە لەو هەڵبژاردنەندا بەشدارییان کردووە و دەنگیان بە کۆمەڵە یان حیزبی دیموکرات داوە؟ هەروەها نەسڵێکی نوێ ئێستا حەقی دەنگدان و بڕیاردانیان هەیە کە ئەگەر زۆرینەی کۆمەڵگا نەبن لانی کەم نیوەی ئەوانەن کە حەقی دەنگدانیان هەیە. چۆن دەکرێ لە سەر دەنگی مردووان حیساب بکرێ بەڵام حیسابیك بۆ زیندوان نەکرێ؟ پێمان وتن ئێستا لە دنیادا هەر پارلمانێ ئەگەر دە رۆژ زیاترلە وادەی دیاریکراوی خۆی بمێنێتەوە بە پارلمانێکی ئێکسپایەر بە حیساب دێت. چلۆنە کە ئەو دەنگانەی بیست وپێنج ساڵ لەوە پێشی ئێوە تەواو بوونی نییە؟

سەرەڕای ئەوانە ئێمە کۆمەڵێك پێشنیاری گونجاومان پێڕاگەیاندن کە لێرەدا باسی دەکەم تا هەمووکەس راستیەکان بزانێ و ئەو لایەنە بناسرێ کە لە بەردەم پێکهێنانی بەرەدا کۆسپ دروست دەکا. ئەو پێشنیارانەی لە لایەن کۆمەڵەوە کرا بریتی بوو لەمانە:

یەکەم:بەرە لە کوردستانی باشور چۆن پێکهات ئێمەش وا بەرە دروست بکەین، پەیوەندی نێوان حیزبەکان چۆن بووە با ئێمەش ئەو مۆدێلە رەچاو بکەین.

دوهەم: ئێمە مەجلیسی حوکممان لە عێراق بە نمونە هێنایەوە کە هێزە سەرەکییەکانی سەر گۆڕەپانی عیراق مانگانە و دەورەیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنیان دەکرد و ئەوەش شێوەیەکە دەکرێ کەڵکی لێ وەرگرین.

سێیەم: ئێمە یەکێتی ئورووپامان بەنموونە هێناوە کە سەرۆکایەتییەکەی دەورەیی بەڕێوە دەچێ و وڵاتی زۆر چکۆلە لەنەوبەی خۆیدا سەرۆکایەتیی یەکێتی ئورووپا دەکا کە وڵاتانی گەورەی وەك ئاڵمان ،بریتانیا و فەرانسەی تێدایە ئەوەش نمونەیەکە ئێمە قەبووڵمانە.

چوارەم: کاتێ هەموو ئەو پێشنیارانە وەڵامێکیان وەرنەگرت، ئاخرین پێشنیاری کۆمەڵە ئەوە بوو ئەگەر ئێوە ئەو چەند پیشنیارە هیچیان قەبووڵ ناکەن با جەمعیك ماموٚستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆکان بانگ بکەین و پێیان بڵێین ئیمە چەند حیزب دەمانهەوێ بەرەیەك پێك بێنین و رێنوێنییەکانی ئەوان لەبەر چاو بگرین.

**بەڵام سەرکردایەتیی حیزبی دێمۆکرات هەموو ئەو پێشنیارە گونجاوانەیان ڕەد کردەوەو لە سەر ئەو هەڵویستەی خۆیان مانەوە. تائێستاشی لە گەڵ بێ حیزبی دێمۆکرات بیجگە لەو داوایەیان کە هەموو کەس بێ هەڵبژاردن گەورەیی حیزبی دێمۆکرات بسەلمێنێ هیچ پێشنیارێکی دیکەیان نەبووە.**

**خاڵێکی دیکە کە ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکرات لە نووسین و وتووێژەکانیاندا ناڕاستەوخۆ کۆمەڵەی پێ تاوانبار دەکەن ئەوەیە دەڵێن کۆمەڵە حازر نییە بێجگە لە حیزبی دیموکرات لەگەڵ لایەن وخەڵکانی دیکە دانیشێ. بۆ ناڕاست بوونی ئەم ئیدیعایەی حیزبی دێمۆکرات پێویستە چەند شت وەبیر ریبەرانی ئەو حیزبە بێنینەوە. ئێمە نایشارینەوە کۆمەڵە و ح. د. دەتوانن لەسەرەتاوە پێکەوە بناغەیەکی باش دارێژن وببنە هەوێنی پێکهاتنی بەرە و ئێمە ئەوە بە ئاسانکارییەکی بەجێ دەزانین بۆئەوەی سەرکەوتن بە دەس بێنین لەو ئەرکەماندا. بەڵام ئەگەر هیچ کەس نەزانێ خۆ حیزبی دێمۆکرات چاك دەزانێ چەندین جار ئەوەمان بە حیزبی دیموکرات وتووە ئەگەر وا ناکەن با هەموو لایەنەکان بەشدار بن وە کەسی لێ دەرنەهاوێین. بۆ راستی ودروستی ئەم هەڵویستەی کۆمەڵە نموونەیەکی تازە و زیندوو دەهێنمەوە. لە "کۆنفرانسی سەر بەخۆیی کوردستان" کە لە لایەن knc (ڕێکخراوی کوردەکانی ئەمریکای باکوور) لە هەولێر و سلێمانیە گیرا و هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی وتارێکی گرینگی تێدا پێشکەش کرد، لەوێشدا بۆ جارێکیتر مەسەلەی بەرەی هێناوە گۆڕێ و لەوێ بەراشکاوی باسی ئەوەی کرد کە ئێمە هیچ لایەنێك لە پێکهێنانی بەرە دەرناهاوێین. دوای ئەو کونفرانسانە بوو کە بەڕێز کاك سامان شاڵی سەرۆکی knc بەئەرکی ئینسانی و نەتەوەیی خۆی هەستا و سەری هەموو حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتی دا و ویستی ئەگەر بۆ یەکجاریش بێت ئەو حیزبانە هەموویان لە دەوری یەك کۆببنەوە. ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان دژی هاتنی هیچ لایەنێك نەبووین، بە پێچەوانە ئەوە حیزبی دیموکرات بوو سیاسەتی دەبێ ئەو لایەنە ببێ و نابێ ئەوی دیکە ببێ بە کار هێنا، ئەوە کۆمەڵەش بوو بەپێچەوانەی ئەو هەڵویستە وتی با هەموو لایەنەکان بن. هەر ئەو هەڵویستەی حیزبی دێمۆکراتیش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو هەوڵە سەر نەگرێت، ئەوان زۆرجاریش لە وتوێژەکانیاندا ویستوویانە مەسەلەی هاتن ونەهاتنی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بخەنە ئەستۆی ئێمە، بەڵام با حیزبی دیموکرات بتوانێ یەك نمونە باس بکا کە ئێمە لە کام کۆبوونەوەی ئێمە و ئەواندا وتوومانە دژی هاتنی ئەو ریکخراوەین. بە پێچەوانە هەموو جارێ پێمان وتوون نەك دژی هاتنیان نین بەڵکو هاتنیان بە باش دەزانین، ئەگەر وا نەبووە با بیسەلمێنن.**

**نزیك بە ساڵێك لەوەوپێش ئەوە کۆمەڵە بوو پێشنیاری ئەوەی بە حیزبی دێمۆکرات کرد پێکەوە داوا لە حیزبەکان و کەسایەتییە دیارەکان بکەین بۆ گرتنی کۆنفرانسێك لە کوردستان بۆ دیالۆگ**

لەسەر پیکهێنانی بەرە، ئەو پێشنیارەش لەلایەن حیزبی دێمۆکراتەوە رەد کرایەوە. ڕاستیەکان بەم جۆرەیەو ئەوە کۆمەڵە نییە کە نایهەوێ لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دانیشێ بەڵکوو ئەوە شەرت و مەرجەکانی حیزبی دێمۆکراتە کۆسپە لەبەردەم پێکهێنانی بەرەدا.

ئەنوەری محەمەدی

٢٠٠٥-١-١٥